# دوور لە گڵکۆکەی دایکمەوە، خەیاڵات

بەرزان هەستیار

ئەو سپێدە ڕەنگ پەڕیوەی ،......
دایکم وەک پیرەدارێکی میهرەبان
بەسەر مەینەتییەکانی خۆیدا بەربۆوە،
ئەوەم لە خۆر ڕائەبینی ....
سبەینێ نەچێتە سەر کار،
یان هیچ نەبێت قردێلەیەکی ڕەش
بدات لە یەخەی چاکەتە ڕەنگ زیوییەکەی،
کە مەستییش هێندەی چنگێکم ئەهێڵێتەوە،
وا ئەزانم، شەقامیش خۆی لوول ئەکات،
کۆڵان بە کۆڵان لەگەڵما ئەگەڕێت و
گۆرانیەکی کزەڵە و پەشۆکاو ئەچڕێت
ئاسمانیش خزمایەتیی نمە و ڕەهێڵە ناکات و
ڕێگەی بروسکەش نادات ببێتەوە بە دراوسێی؛
ئەفسووس، شتاقیان نابینم و
هەموو خەیاڵە تەڕەکانم
سترانێکی، لێو شەقار .. شەقارن، ....
لە سارایەکی کاکی بە کاکییدا
*******
لەوە بێئاگانیم
هەتا قامی قیامەت، سەر بەرەو ژوور گالیسکەیەک داژووم و
لە بانی سەرەوە، بەر لەخلبوونەوەی ئەو
تل ئەبمەوە دامێن؛
خودا هیچی بۆ نەماوەتەوە......
گەڕی ئەو شیعرە پاڵتۆ زلانەم پێ ئەکات

ئەو پاڵتۆیانەی هەزار و یەک گیرفانیان هەیە،
هەزار و یەک شێتی قسە خۆش و
هەزار و یەک سەرخۆشی ڕۆح سووک و
هەزارو یەک قەیرە کچی شەلاڵ، بە ئاهی وشک و
هەزارو یەک بێوەژنی وشک، بە حەسرەتی تەڕ و
هەزار و یەک دڵۆپە فرمێسکی ترساویان، تیا جێ بۆتەوە
خودا هیچی دی شک نابات،
بە ساویلکەیی خۆم تاوانبارم ئەکات
لەو دڵسافییەم ئەپێچێتەوە ......
کە بڕوام بە بێ ئەقڵیی گوێ درێژ و
سپڵەیی پشیلە و
پیرۆزیی پەرەسێلکە نییە؛
من هەر وا بووم،
بە منداڵییش ئالوودەی ئەو گەمانە بووم
کە هاوڕێکانم بە پەرێزیاندا نە ئەچوون
بە هەرزەییش، بەو کچانەم ئەوت خۆشم ئەوێن
کە کوڕانی گەڕەک، .....
شەو نەبوو پێیانەوە شەیتانیی نەبن
❊❊❊❊❊
چەند جوانە هەمیشە لە ئاوازێک بخوێنیت .....
دراوسێکان تەقەی سەریان بێت،
لەسەر پەیژەی هەشتەمی مۆسیقاوە بژەنیت و
سێ شەممان سەر بتاشیت و
چوار شەممان نەچیتە سەر « شەخس» و
ڕۆژی هەینی بچیتە قوتابخانە و
بە شەوان نینۆک بکەیت و
جەژنی « ڕەمەزان» چوار ڕۆژ و
« قوربان» یش بکەیتە سێ ڕۆژ؛
گەورەییە، لە حەوسەڵەی ئەو کرمە بچووکە ڕابمێنیت ....
بە کاوەخۆ، شەڕێکی نا بەرابەر لەگەڵ خاک ئەکات.
لەو مراوییە ورد بیتەوە بە باڵی خوێناوییەوە....
بێچووەکانی لە سێرەی ڕاوچی قوتار ئەکات و
لە بانیژەی ئەوانەوە .....
کرانەوەی شکۆفە و
هەڵوەرینی پەڕە ژاکاوەکانی خۆت بخوێنیتەوە
❊❊❊❊❊❊



ئەوی ڕۆژی .....
دایکم لەسەر چەرپای قاچ شکاوی سێبەرێکی خەست،
سێبەرێکی عەبووس، .....
سێبەری « مردن»، لێی ڕاکشا و
کەچی ، بۆ بەیانیی
خۆر، وەک نە بای دیبێت نە بۆران .....
هەر لە ڕۆژهەڵاتەوە لە خەو هەستا،
ڕووبار هەر سەربەرەو خوار هاژەی ئەهات و
باران بە ڕیتمی جارانی ئەباریی،
ئیتر گومانم لەوە نەما.......
ئێمە هەموومان ڕەنگێکی مردووین، .....
لە کەڤاڵێکی فەرامۆشکراودا،
ئێمە هەموومان سەرقاڵی ڕاونانی سێبەری خۆمانین ،......
لە نیوەڕۆیەکی گەرمی پڕ غەفڵەتا؛
ئێمە هەموومان گەمەی شکاوی دەستی منداڵێکین
کە چیدی کەڵکی ئەوەمان نەماوە ...
خۆیمان پێوە خەریک بکات،
گەمەیەکی تووڕ دراوین،
گەمەیەکی تۆز لی نیشتوو